ژمارە : ٢
بەروار : ١٧/بەفرانبار/٢٧١٥ کوردی
: ٢٠١٦/١/٧ زایینی

No: 2
Date: 7/1/2016

وەزارەتی پلان دانان
دەرچوو - تایبەت
ژمارە ..........
بەروار ..........

## (ڕێنمایی ژمارە -١-)

بە مەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە بەرواری (٢٩-١١-٢٠١٥) برگەی سێیەم پێویستە لە سەر گشت وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکەن کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری ئامادەکراوە:

### یەکەم/ کۆتایی پێهێنانی پرۆژە:

ئەو پرۆژانەی کە لە برگەی یەکەمی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە بەرواری (٢٩-١١-٢٠١٥) کە خاوەن کار (وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و بەلێندەر دەیانەوێت کۆتایی بە گرێبەستەکەیان بهێنن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- پێویستە بەلێندەر بە نوسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی پەیوەندیدار (خاوەنکار) بکات بۆ هەلوەشاندنەوەی گرێبەستی پرۆژەکە.

٢- پاش ڕەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار (خاوەنکار) بە هەلوەشاندنەوەی گرێبەستەکە دەبێت فۆرمی زانیاری پرۆژە بۆ کۆتایی هێنان بە گرێبەست کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانان ئامادە کراوە پر بکاتەوە لەگەڵ داواکاری بەلێندەر بۆ وەزارەتی پلاندانان بە نوسراوی فەرمی ڕەوانەی بکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی.

٣- پاش پەسندکردنی وەزارەتی پلاندانان بە کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکە پێویستە خاوەنکار لیژنەیەک پێکبهێنێت بە فەرمانی وەزیر، پارێزگار، سەرۆکی ئیدارە یاخود سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی جێگرکردنی باری پرۆژەکە (تثبیت واقع الحال) و ئامادەکردنی پاکتاوی دارایی . نوێنەری بەلێندەر لە لیژنەکەدا بەشدار بێت .

٤- لە کاتی ئامادەکردنی پاکتاوی دارایی تەنها ئەم خەرجیانە ئەژمار بکرێت :

أ- ئەژمارکردنی ئەو کارانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون بە پێی ئەو کرێ و نرخانەی لە بەڵێندەرایەتیەکە هاتوون .

ب- تێچووی کێشانەوەی ئامێرەکان و کرێکاران لە ئەستۆی بەڵێندەر دەبێت و نابێت لە پێوانەی کۆتایی ئەژمار بکرێت .

ج- ئەو کەل و پەل و کەرەستانەی کە بۆ بەکارهێنان لە پرۆژەکە راسپێردراون بۆ خاوەنکار بگەرێندرێتەوە و تێچووەکانیان لە پاکتاوی کارەکان ئەژمار بکرێت.

٥- وەزارەتی پەیوەندیدار پێوانەی کۆتایی هێنانی پرۆژەکە ئامادە بکات و شایستە داراییەکانی بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خەرج بکرێت و وەزارەتی پلاندانان لێ ئاگادار بکاتەوە بە هەبوونی تەرخان لە لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی پلاندانان.

٦- بۆ هەر پرۆژەیەک کە بری شایستەی کۆتایی بەڵێندەر کە لای خاوەنکارە زیاتر بێت لە (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگرێت .

٧- گەڕانەوەی (ئەمانات)ی ئەو پرۆژانەی کە کۆتاییان پێدەهێنرێت بە شێوەی چەک.

٨- خاوەنکار کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ پاراستنی پرۆژەکە و ئەو کەل و پەل و کەرستانەی کە بۆ بەکارهێنانی پرۆژەکە کە لە شوێنی پرۆژەکەن یاخود لە هەر شوێنێکی تر بێت .

٩- بەڵێندەر دوای کۆتایی هێنان لە لایەن دادنووسەوە بەڵێن بدات بە حکومەت کە داوای قەرەبوو نەکات.

## دووەم/ ماوەی زێدەکی:

أ- خاوەن کار (وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ماوەی شایستە دەبەخشێتە بەڵێندەر دوای لێدەرکردنی بری (٢٤٠) دوو سەد و چل ڕۆژ قەرەبوو کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەژمارکراوە .

ب- بەڵێندەر داوای قەرەبوو نەکات و بۆ ئەم مەبەستە بەڵێننامەیەك لە لایەن دادنوسەوە بدات بە (خاوەنکار) .